# یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە وەرزشیەکە وەرزشی ژنان بەرەو هەڵدێر دەبات!!

**ئا/ نیاز عومەر**

سەرچاوەیەك لە ئەنجومەنی ئۆڵۆمپی سلێمانیەوە بە ڕێوانی ڕاگەیاند، دوابەدوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە وەرزشیەکەو پێکهێنانی ئەنجومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان لە هەولێر، کۆمیتەی جێبەجێکردنو نوسینگەیەکی سەرەکی بۆ چالاکیە وەرزشیەکانی ئافرەتان هاتەکایەوەو بەمەش هەموو نوسینگەی چالاکیە وەرزشیەکانی شارەکانی سلێمانیو هەولێرو دهۆکو کەرکوك لەکارخرانو نوێنەری شارەکان لەو نوسینگە سەرەکیە شوێنیانی گرتەوە. هەرچی دارشتنی پلانی چالاکی وەرزشی ساڵانەو سازدانی پاڵەوانێتیەکانی ئافرەتانە، لەلایەن ئەندامە کچەکانی ناو یەکێتیە وەرزشیە کوردستانیو فەرعیەکانی شارەکانەوە، بە هاوکاری لەگەڵ نوسینگەی ئافرەتاندا کە بودجەیان بۆ دابین دەکات ڕادەپەڕێنرێت. نەمانی ئەم نوسینگە فەرعیانەو گۆڕانکاریەکانی ناو ئەنجومەنی ئۆڵۆمپی مشتومڕو



هەردە عەلی

ڕەخنەیەکی زۆری هەڵسوراوانی کایەی وەرزشی ئافرەتانی ناو ئەنجومەنی ئۆڵۆمپی لەخۆ کۆکردەوەو بۆچونەکانیش هەموو گوزارشت لەبەرەودواوەچوونو سستی چالاکی وەرزشی ئافرەتان دەکەن، لەم بارەیەوە لەیلا محەمەد کە ساڵانێك لەمەوبەر بەرپرسی ئەو نوسینگەیە بووە لە سلێمانی ئاماژەی بەوەدا، کە کاتی خۆیشی مشتومڕ لە سەر بوونو نەبونی ئەم نوسینگەیە بووەو بەوەی کە ئەندامە کچەکانی ناو ئەو یەکێتیە وەرزشیانە دەتوانن کاری سازدانی چالاکیە وەرزشیەکانی ئافرەتان بەڕێوە ببەن، بەڵام هەرگیز ئەو ئەندامانە وەك پێویست ڕۆڵیان نەبووە بۆ پێشخستنی وەرزشکارو تیپەکانی کچان. لەیلا جگە لەوەش بەرپرسیارێتی نەمانو شکستهێنانی هەندێ لە تیپەکانی کچانی خستە ئەستۆی ئەو ئەندامە کچانە، وەك نەمانی تیپەکانی تۆپی دەستو تۆپی سەرمێزی کچان لە یانەکانی ناو شاری سلێمانیدا، "ساڵانە کە پاڵەوانێتیەکی تۆپی سەرمێزو تۆپی دەستی کچان بکرایە، بە یاریزانە کۆنەکان بەڕێوە دەبراو دواتر هیچ بەدواداچوونو چارەسەرێك بۆ نەمانو سستی ئەو تیپانە نەدەکرا".

نەجوە محەمەد ماوەی ساڵێك بەرپرسی ئەم نوسینگەیەی لەئەستۆ بووە، پێی وایە ئەو نوسینگەی چالاکی وەرزشی ئافرەتان لە هەولێر لاوازەو ناتوانێ داکۆکی لە هیچ مافو چالاکیەکی ئافرەتان بکات، "نوسینگەی ئافرەتانی هەولێر دەسەڵاتێکی سەربەخۆی نییەو سازدانی چالاکیو پاڵەوانێتیەکانیش خراوەتە دەست یەکێتیە وەرزشیەکانەوە کە پیاو دەیبات بەڕێوەو ئەندامە کچەکانیش تیایدا سستن". ئاماژەشی بەوەدا کە کادرو وەرزشکاری کچو نوسینگەی ئافرەتان لە پارێزگاکانی تری کوردستان نەبووەو پێشتریش هیچ پەیوەندیو کارێکی هاوبەش لەنێون نوسینگەی سلێمانیو پاریزگاکانی تری کوردستاندا نەبووە تا بتوانن بە هەماهەنگی داکۆکی لە مانەوەی نوسینگەکانی کچان بکەن.

سەمیرە عەبدوڵای لێپرسراوی نوسینگەی چالاکی وەرزشی ئافرەتانی سەربە ئەنجومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان لە هەولێر لەگەڵ مانەوەی نوسینگەی چالاکی ئافرەتانی پارێزگاکانە بۆ ئەوەی ببێتە پاڵپشتێك بۆ نوسینگە سەرەکیەکەو بۆ زیاتر برەودان بە



سەمیرە عەبدوڵا

چالاکیەکانی ئافرەتانو توندوتۆڵکردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ قەزاو ناحیەکانو وەرزشی پەروەردەو پەیمانگاو زانکۆی شارەکان "دەتوانین چالاکیەکانی ئافرەتان پەرەپێبدەینو پەیوەندی توندۆتۆڵ لەگەڵ قەزاو ناحیەکان ببەستین لەڕێی نوسینگەی پاریزگاکانەوە، چونکە تەنها نوێنەرێك بەچالاکیە وەرزشیەکانی ناوەوەو دەرەوەی شاردا ڕاناگات". هەروەها جەختیشی کردەوە کە پێویستە ئەندامی ئافرتانی ناو یەکێتیە وەرزشیەکان چوستو چالاك بنو پێدابگرن لەسەر بوونی چالاکی ئافرەتان، گەر یەکێتیەکەیشیان بۆی جێبەجێ نەکردن دەتوانن سکاڵا لای کۆمیتە تەنفیزی پێشکەش بکەن.

هەردە عەلی لێپرسراوی ئەنجومەنی ئۆڵۆمپی- سلێمانی، سەبارەت بە کەمی چالاکی وەرزشی ئافرەتان وتی "لەگەڵ بوونی نوسینگەی کچانو ژنان لە سلێمانی، بەڵام نەبوونو کەمی بوودجە، شەلەلی خستۆتە ناو چالاکیە وەرزشیەکان بە گشتیو چالاکی ئافرەتان بە تایبەتی". جەختیشی لەوە کردەوە "بۆ چەند جارێك سەرۆکی ئەنجومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان، لەگەڵ سەرۆکی حکومەت بە مەبەستی ڕێکەوتن لەسەر بودجەی ئەنجومەنی ئۆڵۆمپی گفتوگۆی کردووە، بەڵام تا ئێستا لەلایەن حکومەتەوە بڕیاری لەسەر نەدراوە".

سەڵاح عیسامەدینی ئەندامی کۆمیتەی تەنفیزی لە ئەنجومەنی ئۆڵۆمپی، هاوڕابوو لەگەڵ زۆرێك لە وەزرشکارە کچەکان کە ئەندامە کچەکانی ناو یەکێتیە وەرزشیەکان کە خەڵکێکی نامۆنین بە وەرزش، بەڵام دەمێنێتەوە سەر ئازایەتی خۆیان کە پێویستە بە حەق شوێنەکانیان لە یەکێتیەکاندا پڕکردبێتەوە، وتی "ئافرەتان خۆیان بەرپرسن لەو دۆخەی کە تیایدان، چونکە لیژنەی ئۆڵۆمپی لە رابوردوداو ئەمڕۆش لەلایەن ئەنجومەنی ئۆڵۆمپی کوردستانەوە. دریغی لە چالاکیەکانی ئافرەتان نەکردوە، گەر ئافرەتان خۆیان ماندو بکەن دەرئەنجامی باشو ئاوڕی باشیشیان لێدەدریتەوە".

# ماستەرنامەیەک بۆ باری دەرونی وەرزشکار پێشکەش کرا



داليا حەسەن

داليا حەسەنی خوێندکار لە کۆلیجی پەروەدەی وەرزشی لە زانکۆی سلێمانی، پاش دوو ساعاتو نیو لە گفتوگۆکردنی ماستەرنامەکەی کە ناوی (توقعات الكفاءة الذاتية وعلاقتها بالرضى الحركي والسلوك الفلسفي لدى لاعبي أندية الدرجة الاولى)لە خۆگرتبوو، پلەی زۆرباشی بەدەستهێنا.

لێکۆڵینەوەکەی داليا بە سەرۆکایەتی پرۆفیسۆر محەمەد جەسام عەرەبو ئەندامێتی د. فەرهەنگ فەرەج، د. ئیمان نەجمەدینو چەند پسپۆڕێکی کۆلیجی پەروەدەی وەرزشی زانکۆی بەغداو سلێمانی، لە هۆڵی ڕوناکبیری زانکۆی سلێمانی ڕۆژی ٢٠٠٧/٥/٢٤ بەڕێوەچوو.

لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت بە ڕێوان داليا ڕایگەیاند "ئەوەی زیاتر هاندەرم بوو بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، گرنگیدانە بە لایەنی دەروونی وەرزشکار لەکاتی یاریو پێشبڕکێکاندا"، ناوبراو ئاماژەی بە تێگەیشتنی ڕاهێنەر لە یاریزانەکانی داو وتی " پێویستە ڕاهێنەر وا لەیاریزان بکات باوەڕی بە خۆیو تواناکانی بێت لە کاتی نواندنی هەر جوڵەیەك کە لە گۆڕپاندا ئەنجامی دەدات".

دکتۆر فەرهەنگ فەرەج لێپرسراوی خوێندنی باڵای کۆلیج، سەبارەت بە لێکۆڵینەوەکەی داليا دەڵێت "زۆرجار قوتابی سەرچاوەکانی خوێندنو لێکۆڵینەوەکانی بەئاسانی دەست ناکەوێت یاخود نەبوونی سەرچاوەی نوێ، ناچاری دەکات پشت بە سەرچاوەی ساڵانی ڕابردوو ببەستێت، لەگەڵ ئەوەشدا داليا لە هەردو کۆرسی خوێندنەکەیدا پلەی زۆر باشەی بەدەست هێنا".

# ماراسۆنێک بۆ دامەزراندنی ی.ن.ک

وابڕیارە لە ساڵیادی ٣٢ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لیژنەی وەرزشی سەربە مەڵبەندی یەکێتی کوردستان، ماراسۆنێك بۆ کوڕانو کچان لە سلێمانی، ساز بکات.

ماراسۆنەکە بۆ هەموانەو بێ گوێدان بە مەرجی تەمەنو بە هاوکاری بنکەی کۆمەڵایەتیو ڕوناکبیریەکانی گەرەکەکانو یەکێتی ناوەندی گۆڕپانو مەیدانی کوردستان، بەبەشداری خەڵك لە ناوەوەو دەرەوەی سلێمانی لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٦/١ لە کاتژمێر ٦ی ئێوارە، بەڕێوەدەچێت.

خاڵی دەستپێکردنی ماراسۆنەکە لە پردی دەباشانەوە بۆ بەردەم مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی دیاری کراوەو ماوەی ڕاکردنەکە بۆ کچان ٣کم و ٦ کم بۆ کوڕان دانراوە، ١٠ دادوەر ئامادەی ماراسۆنەکە دەبن.

**نیاز**

# پاشماوەی .. کچێکی دڵ شکاو

ئەگەر هەوڵمان بدایە هەروەك چۆن لە قوتابخانە بۆسەرکەوتن لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی دیکە پێویستمان بە دەرەجەی باشە، یان ئەگەر ئەساسی ژیانی هاوبەش بەسادەیی و بە دوور لە خۆ بەزل زانین دابمەرزێنین، شایەد لە دوای چەند هەزار ساڵێکەوە بە خۆشەویستی بێ قەید و بەند بەیەك گەیشتباین، یان لانی کەم بەخۆشەویستییەکی بێ پینەو پەڕۆ بە بێ رەنج و بەبێ ئەوەی مافی ژیانی سەربەخۆ لەخۆمان و ئەوی ترمان، بەبێ ئەوەی ئەویتر سەکۆنە بکەین، بەبێ ئەوەی لە خۆبردوویە زۆرەکییەکان بەسەر ئەویتردا بسەپێنین، ئەو لە خۆبردوویانەی کە بەڕواڵەت وادەنوێنێ کە خۆشەویستانەیە.

کچە گیان تۆ کە گیرۆدەی ئەم نەخۆشییە عشقییەت، کە پێت وایە چارە هەڵنگرە، نەخۆشییەك کە لە راستییدا رێك وەکوو تا وایە بەردەوام روودەدات و زوو گوزەرە، رەنگە نەزانین کە ئێمە هەموو قوربانی ئەوین و نەدەمانەوێت و نەش دەتوانین خۆمام چارەسەر بکەین، ئەم نەخۆشییە کە لە دەریایەك دەچێت کە سەراپای وجوودمان دادەگرێت، تۆ دەخاتە هەنسك دان، چاوەکانت پڕدەکا لەخوێو هەموو گیانت بریندار دەکات، یان بەواتایەکی باشتر وەکوو ئەو کاتانەی کە خۆت فرێ دەدەیتە نێو شەپۆلەکانەوە، بەمەلەکردن لە گەڵیان شەڕ دەکەیت و سەرەڕای ئەوەی کە لێیان تێگەیشتووی و دەزانی لە کوێن، دیسان هەر دوور تر دەڕۆی تا ئەو جێگایەی کە شەپۆلێکی قورس و بەهێز تۆ لە پا دەخات و بریندارت دەکات.

مەگەر جیا لە ئەوەیکە هەرتاکو دەریا دەریایە،وەزعە هەر لە سەر ئەم رێ رەوەیە؟ دوای هەر ئەزموونێك تۆ دەبیتە خاوەنی ئەزموونێکی زیاتر.

لە هەر ئینسانێكو لە خۆتیش، فێری ئەزموون دەبیت، کە دەبێتە یارمەتیدەری تۆ تا لە گەڵ عەشقی داهاتووی خۆتدا باشتر بجوڵێتەوە، عەشقێك کە جارێکی دیکە(بێ وێنەیە)و (هەمیشەییە)یان بەردەوام دەبێت، بەڵام ئیتر من لە لای تۆنیم تا بەسەرهاتەکانتم بۆ بگێریتەوەو سەر لە سەر شانم دابنێت و بگریت و کاتێك قژەکت نەوازش دەکەم، تەسکینیت بێت یان بەو وتانەی من کە پێوەندی بە ماجەراکانی تۆوە نیە پێبکەنیت. ئیستەش کارێکی دیکە بۆمن نەماوەتەوە جگە لەوەی کە بە ماچکردنی دڵە بچووك و بریندارەکەی تۆ سارێژبکەمەوە.برینی تۆ لە راوانتدا نییە بەڵکوو لە دەروونت دایە: لەوەی کە (لە خۆبای بوونی)ناوە.

خاوەنی ئیمتیاز
روناک رەئوف

سەرنووسەر
روناک فەرەج

جێگری سەرنووسەر
هانا شوان

نەخشەساز
سەیران ئەمین ئەحمەد

ناونیشان:سلێمانی -کارێزە وشک
بەرامبەر پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان
ژ.ت: ٣٢٩٠٠٧٠

www.rewan.org
Email: rewankurd@yahoo.com